# The Analysis of the Novel Tavge According to Lucien Goldmann's Theory of Genetic Structuralism Through the Lense of the Two Concepts of Semantic Structure and World Vision

[1]Mosa Khaleel Aska[2] Sirwan Jabar Amin
[1] Soran University, [2] Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.08*
*Published: 16/8/2026*

***Abstract***

*This study, entitled "The Analysis of the Novel Tavge According to Lucien Goldmann's Theory of Genetic Structuralism Through the Lense of the Two Concepts of Semantic Structure and World Vision", attempts to apply Lucien Goldmann's theory of Genetic Structuralism on the aforementioned novel and focuses on interpreting the content of the novel based on the two foundational concepts that the theory employs as its primary framework for literary textual analysis.*

*This study aims to analyze the novel Tavge based on applying the two identified concepts.*

*A descriptive analytical method is employed for the current study. The data and information are gathered from library sources and the analysis is conducted grounding in insights from scholarly books and texts. The most significant conclusions reached in this study indicate that the Kurdish novel is not devoid of the characteristics of this theory (Genetic Structuralism) and possesses distinctive features when examined as a genre reflecting societal conflicts, problems, and conditions. At the end, the key conclusions of this study are summarized as follows: the novel genre is the product of a social class's worldview, and through a meticulous analysis of Tavge's thematic content, it becomes evident that Tavge itself is the product of the worldview of the social class to which the author belongs.*

***Keywords:*** *Genetic Structuralism, Semantic Structure, World Vision, Tavge novel*

# شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە بە پێی تیۆری بونیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە گۆشەنیگای هەردوو چەمکی بونیادی دەلالی و جیهانبینی.

موسی خلیل عسکر [1] – پ. د. سیروان جبار امین [2]

[1،2]زانکۆی سۆران، سۆران

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناو نیشانی (شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە بە پێی تیۆری بۆنیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە گۆشەنیگای هەردوو چەمکی بونیادی دەلالی و جیهانبینی)، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی ناوبراو بەپێی تیۆری بونیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان و تیشک دەخاتە سەر لێکدانەوەی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای ئەو دوو چەمکانەی کە تیۆرییەکە وەکو چەمکە سەرکییەکانی خۆی پشتیان پێ دەبەستێت بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە لەسەر بنەمای ئەو دوو چەمکەی دەست نیشانمان کردون.

ئەم توێژینەوەیە بە میتودی وەسفی- شیکاری مان ئەنجام داوە، بۆ شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی ئەم توێژینەوەییە سوودمان لەو سەرچاوانە وەرگرتووە بە پێی داتاکان شیکردنەوەمان بۆ کردووە. لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوین نوسیومانە، لیرەدا بە کۆرتی دەخەمە ڕوو. ژانری ڕۆمان بەرهەمی دۆنیابینینی چینێکی کۆمەڵگایە، بەوردبوونەوەی ناوەرۆکی ڕۆمانی تاڤگە، زۆر بە ڕونی ئاشکەرا دەبێت کە رۆمانی تاڤگەش بەرهەمی دونیابینی ئەو چینەی کۆمەڵگایە کە نووسەر لەناویاندا دەژی.

**وشە کلیلەکان:** بونیادگەریی پێکهاتەیی، بونیادی دەلالی، جیهانبینی، رۆمانی تاڤگە

**پێشەکی**

لە سەدەی بیستەمدا لوسیان گۆڵدمان بە پشت بەستن بە بیرۆکەکانی جۆرج لوکاش و جان بیاجە، تیۆری بونیادگەریی پێکهاتەیی دامەزراند، بەشێوەیەکی سیستەماتیک و جیاواز لە وانی پێشتر باسی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و کۆمەڵگادا هەیە کرد، لوسیان گۆڵدمان لەم تیۆرەدا ئاماژە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و بونیادی زمانی دەق دەکات.. گۆڵدمان کۆمەڵێک چەمک بۆ تیۆرەکەی خۆی دانا بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی. کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر ئەم دوو چەمکانە (بونیادی دەلالی و جیهانبینی).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە. کە بە پێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە بۆ ڕۆمانێکی هاوچەرخی کوردی بکەین، ڕونبکەینەوە کە چوون جیهانبینی گروپێکی کۆمەڵگا لە گەڵ بونیادەکانی ڕۆمانەکە بۆنەتە هۆی وێنەکردنی واقعی کۆمەڵگای کوردی، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، تا چەند ئەو دوو چەمکە لەناو ڕۆمانی تاڤگەدا بەرجەستە دەبن؟ ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە بە پێی تیۆری بونیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە گۆشەنیگای هەردوو چەمکی بونیادی دەلالی و جیهانبینی). ڕۆمانی تاڤگە (لێگەریان ل ڕوناهییا پرا جینۆتێ) لە لایەن نووسەر تحسین ناڤشکی لە ساڵی (٢٠١١) بڵاو کرایەوە. توێژینەوەکەمان بە پێی میتۆدی وەسفی–شیکاری ئەنجام داوە، لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە ، بەشی یەکەم تەرخانمان کردووە بۆ دەروازەیەک لە سەر بونیاتگەری پێکهاتەیی، چەمکە سەرەکییەکانی بونیاتگەری پێکهاتەیی بە تیشک خستنە سەر ئەو دوو چەمکانەی کە دەست نیشانمان کردون، بەشی دووەمیش تایبەتە بە شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە بە پێی ئەو دوو چەمکانەی کە دەستنیشانمان کردون، لە کوتایی دا گرنگترین ئەو ئەنجامانە دیار دەکەین کە لەم توێژینەوەیەدا پێگەیشتوین. لێرەدا زۆر بە

کۆرتی ئاماژە پێ دەکەم، ڕۆمانی تاڤگە بەرهەمی چینێکی کۆمەڵایەتییە. نەک بەرهەمی تاکی نووسەر.

## ١. دەروازەیەک لەبارەی تیۆری بونیادگەریی پێکهاتەیی

بونیاتگەری پیکهاتەی بۆ یەکەم جار وەکو هزر لە لایەن (هیگڵ) و (مارکس)ەوە بەرهەم هێنراوە، بەڵا ئەم بیرمەندە ئەم زاراوەیان بەکار نەهێنا، لەبەر ئەوەی مارکس لە کتێبی خۆی دا (سەرمایەداری) ئاشکەرا دەکات کە ڕووداوە ئابوورییەکان وەکو ڕووداوی مێژووی دەردەکەون لە سەردەمێکی دیارکراو بەرەو نەمان دەڕۆن لە دوای گورانکارییە جیاوازەکانەوە. لەدوای ئەمانە جۆرج لوکاش پەرە بە گەشەسەندنی بونیاتگەری پێکهاتەی دا لە بواری زانستە مرۆییەکاندا و جان بیاجەش لە بواری سایکولوژیا پەرەی پێدا.

لەدوای ئەمانە لە فەرەنسا فەیلەسوفێکی بەناو بانگ دەرکەوت کە پەرەی بەم تیۆرە داوەو بە دامەزرێنەری بونیادگەریی پێکهاتەی دادەنرێت ئەویش لوسیان گۆڵدمانە، ئەو کاریگەر بوو بە بە بۆچوونەکانی جۆرج لوکاش لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی، ئەم ڕێبازەی کە گۆڵدمان پەرەی پێدا بە (بونیایدگەریی پێکهاتەغی) دەناسرێت (حسین،٢٠٠٨: ٧٤-٧٥).

گرنگترین ئەو بۆچوونانەی لوکاش کە گۆڵدمان زور پێی کاریگەر بو سەبارەت بە ئەدەب و هونەر زاراوەی "ڕەنگدانەوە- الانعکاس"بوو، چونکە دەتوانین بە تەنیا لە (ماتریالیزمی دیالێکتیکی) بنچینە تەواوەکانی تیۆری ڕەنگدانەوە لە بەر چاو بگرین، لەبەر ئەوەی بە پێی بیرو بۆچوونەکانی ماتریالیزمی دیالیکتیکی، ڕەنگدانەوەی کەتواری کۆمەڵایەتییە کە هونەرمەند و نووسەر تێیدا دەژی. گۆڵدمان لە سەرەتاوە دێت پێناسەی بونیایگەریی پێکهاتەیی دەکات و دەڵێت: "هەر ڕووداوێک پەیوەندی بە مێژووەوە هەبێت چارەسەر ناکرێت مەگەر لە ڕێگای

بونیادگەریی پێکهاتەیی نەبێت کە لەگەڵی دا هزری هەمەلایەنی هەبیت لەرێگەی ئەوەوە زۆر ڕوون و ئاشکەڕا دەبێت کە ئەوەش زنجیرە چالاکی سۆسیۆلوجیە" (یاسین،١٩٩٩ :٢).

گۆڵدمان توانی لە ڕەهەندە فکری و فەلسەفییەکان و ڕەخنەییەکانی لۆکاش تێبگات و گۆڵدمان لەبەرهەمەکانی خۆی دا گرنگی  بە کۆمەڵناسی مەعریفە و کۆمەڵناسیی ئەدەب داوە، هەروەها زانیارییە بەرفراوانانەی کە لە فەلسەفەی ئەڵمانیا یارمەتی دەر بوون بۆ ئەوەی تیۆرێکی نوێ دابهێنێت کە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و کۆمەڵناسیی ئەدەب بکات و ناوی لێنا بونیادگەریی پێکهاتەیی (خشفة،١٩٩٧ :٩). دوای ئەوەی گۆڵدمان تێزی دکتوراکەی لە ئەدەبدا دەنووسێت لە ژێر ناونیشانی (خودای شاراوە) کە لێکۆڵینەوە لە شانونامەکانی باسکال و راسین دەکات لەسالی 1956 بلاو دەکاتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەی گۆڵدمانیش  جۆشێکی گەورە لەناو ڕەخنەی هاوچەرخی  فەرەنسا دروستکرد، دواتر کتێبی (توێژینەوەی دیالکتیکی) لە سالی 1959بلاو کردوە،هەروەها کتێبە (زانستە مرۆڤییەکان و فەلسەفە ) لە سالی 1952بڵاوکردەوە، پاشان لەسالی 1964 کتێبی (سۆسیۆلوژیای ڕۆمان) بڵاوکردەوە، پاشان کتێبی (پێکهاتە دەرونییەکان) لەسالی 1967و کتێبێکی تر بە ناوی (مارکسیزم و زانستە مرۆڤایەتییەکان ) لە سالی 1970 بڵاوکردوە (غولدمان واخرون،١٩٨٦ :١١-١٢).

هەموو ئەم چالاکی و نووسینانە وای لێکرد کە وەک یەکێک لە نوێنەرانی هزری و ڕەخنەیی بناسرێت و توانی بەسەر تەنگەژەی بونیادگەریی فۆرمالیزم زاڵ بێت، لە رێگەی توێژینەوەی کۆمەڵناسییەوە وای لێکرد ببێتە هەنگاوی داهاتوی بۆ تیۆرە نوێیەکە، کە تیۆری بێهاوتای خۆی دانا، ئەویش بونیادگەریی پێکهاتەییە. جێی ئاماژەیە رێبازەکەی گۆڵدمان کە بە کارپێکردنی ماتریالیزمی دیالکتیکی بۆ خوێندنەوەی ئەدەب دوو ئامانجی سەرەکی هەبوون. ئامانجی یەکەم رزگارکردنی دەق لە دەست بونیادگەری وەک ئەوەی فورمالیزمەکان کە تەنیا گرنگی بە لایەنی ناوەوەی دەق دەدەن. ئامانجی دووەمیش رزگارکردنی دەق لە تیۆرە

کلاسیکەکان کە تەنیا گرنگیان دەدا بەلایەنی دەرەوەی دەق و لایەنی ناوەوەی دەقیان فەرامۆش دەکرد (العیساوی،٢٠٢١ :١٤٤-١٤٥).

گۆڵدمان ئەم ئەم شێوازە ڕەخنەییەی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک چەمک دارشتووە، کە بناغەکەیان لەسەر فەلسەفەی دیالکتیکی مارکسیستییەوە سەرچاوە دەگرێت، دەتوانین بڵێین کە بونیادگەریی پێکهاتەیی درێژکراوەی ڕەوتی فکری و ڕەخنەی مارکسیستییە، بونیادگەریی پێکهاتەیی "لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە هەموو بیرکردنەوەیەک لە زانستە مرۆییەکاندا لە دەرەوەی کۆمەڵگاوە ڕوونادات، بەڵکو لە ناوەوەی کۆمەڵگاوە فۆرمی خۆی وەردەگرێت" گۆڵدمان تویژەر و وەرگری کۆمەڵێک تیۆرە کە دەبێتە هۆی مۆدێلێکی دیدەوانی جیهانی، کە تۆخمەکان وەکو هەمەلایەنە و هاوئاهەنگی و یەکگرتووی وەردەگرن". هەروەها بیرۆکەی وتەکان و تۆخمەکان و کردووتە تیۆرێکی ڕەخنەگرانە و کلیلی خوێندنەوەی دەقەکان (جلالی، بلاوی، حضری،١٤٤٣ :٩٦). بۆچوونەکانی جان بیاجەش هەندیک کاریگەریان هەیە لەسەر تیۆرەکەی گۆڵدمان سەبارەت بە بونیادگەریی پیکهاتەیی، ئەو پێی وابوو پێکهاتەی سیستەمێکە لە گۆرانکارییەکان کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بە پێچەوانەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی توخمەکان، بەبێ ئەوەی ئەم گۆرانکارییانە بتوانن لە سنوری ئەو سیستەمە تێپەرن یان بانگەوازی هەر تۆخمێکی دیکە بکەن لەدەرەوەی ئەو سیستەمە (ابراهیم،١٩٩٠ :٣٠).

فەلسەفەی تیۆرەکەی لوسیان گۆڵدمان بەردەوامی دانە بە فەلسەفەی دیالێکتیکییەکە، بە تەنیا وەک و بونیادێکی ناوەوەی نییە، تەنیا گرنگی بە ناوخۆی دەق نادات وەکو فەلسەفەی بونیادگەریی فۆرمالیستی کە تەنیا گرنگی بە لایەنی دواوەی دەقەکە دەدەن، هەروەها وەکو فەلسەفەی بونیادگەریی ئەرکیش نییە کە گرنگی تەنیا بە هاوسێیەتی و هاو پەیوەندی دەدەن، بەڵکو بونیادێکی هاوبەشە لە نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی و بونیادی بزاوی مێژووییەوە لەگەڵ بونیادی ناوەوەی دەق، لوسیان گۆڵدمان لەو تیگەیشتنەوە دەردەچێت کە گرنگی بە

شیکردنەوەی کلاسیکی کۆمەڵایەتی دەدەن، لەلای گۆڵدمان بنەما سەرەکیی کارەکەی دە بێتە بونیادی هزری لە چوارچێوەی جیهانبینی و بەستنەوە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کە وەک سیستەمێکی ئەدەبی و هزری و هونەری دەردەکەوێت. گۆڵدمان لە بواری ئەدەبدا جگە لەوەی کە گۆرانکاری لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا دروست کرد. کاریگەریەکی گرنگ لە سەر بوارە مەعریفییەکەی ئەدەبیش دروست کرد. گۆڵدمان هەندێک چەمک و بنەما بۆ تیۆرەکەی خۆی دایناون و پەیرەوی دەکردن و ئەم چەمک و بنەمایانە دەی بەستێتەوە بە بونیادی کۆمەڵایەتییەوە. کە لە کارەکانی پێشتری کۆمەڵناسیی ئەدەبدا نەیانتوانی بۆ گوڕانکاریەکی بەرچاو بەدەست بهێن لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا (رسول،٢٠٢٣ :٤٥٥).

گۆڵدمان جیاواز لەوانی پێشوتر لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و نایبەستێتەوە بە یەک پێکهاتە. گۆڵدمان هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە پێکهاتەیی دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە کە ئاشکەرا بکات تا چەند ئەم دەقە پێکهاتەی هزری یاخۆد جیهانبینی چینەکان یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە. کە ئەدیب خۆی یەکێکە لە ئەندامەکانی ئەو گرووپە یان ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە. بە بۆچوونی لوسیان گۆڵدمان هەر چەند دەق ڕەنگدانەوەی دەربڕینی جیهانبینی ئەو چینانە بێت بەرهەمێکی ڕەسەنتر و داهێنانەتر بەرهەم دێت (ئیگلتون، 2008 : 61).

کەواتە بونیادگەریی پێکهاتەیی ئیش لەسەر دوو تەوەری سەرەکی دەکات، یەکێکیان ئەوەیە پەنا بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی دەبات و ئەوەی تریش ئەوەیە پەنا بۆ بونیادی دەق دەبات. واتە تێگەیشتنەکانی دەرەوەی دەق دەوریان دەبێت لە ڕاڤەکردنی ناو دەقدا، واتە دەبێت پشت بە بونیادێک ببەستین لە دەرەوەی بونیادی زمانی دەق لە دەرەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی دەقدا کردمانە کۆد بۆ ڕاڤەکردنی دەق، ئەویش دەروونزانییە لەناو ئەدەبدا یان کۆمەڵناسیی لە ناو ئەدەبدا، ئەم دوو ئاراستەش راستە سەر بە تێگەیشتی مارکسیزم بۆ ئەدەب وایە، بەڵام

جیاواز لەوەی کە جۆرج لۆکاش دەلێت ئەدەب ئاوێنەی کۆمەلگایە، یاخود وەک ئەوەی پێرزیما کە رابەرایەتی کۆمەڵناسیی دەق دەکات پێی وایە لە ناو دەقدا زمانێک هەیە هەڵگری خەسڵەتی گوتاری کۆمەڵگایە. کە واتە بە بۆچوونی پێرزیما ئەدەب جیاوازە لەوەی کە ئاوێنەی کۆمەڵگا بێت، گۆلدمان بونیادی کۆمەلایەتی و بونیادی دەق تێکەڵ دەکات. کەواتە هەمان تێگەیشتنی ماکسزیزم هەیە بۆ دەق. بەلام پەرەی پێداوە و گەشەی کردووە جیاواز لەوانی پێشتر، کەواتە لەناو بونیاتگەریی پێکهاتەیی دوو تەوەرمان هەیە بونیادی کۆمەلایەتی و بونیادی دەق هەردوو بونیادەکە تێکەل دەکرێت بۆ ڕاڤەکردنی دەق، بونمونە لەناو تێگەیشتنی ماکسیزم جیهانبینی هەیە، واتە هەموو دەربڕینیکی تاک گوزارشت لە چینێکی کۆمەلایەتی دەکات ئەمەش مانای ئەوەیە کە تاک نوێنەرایەتی چینێکی کۆمەلایەتی دەکات. بونیادگەریی پێکهاتەیی هەمان تێگەیشتنەکانی ماکسیزمە، بەلام بە شێوەیەکی جیاواز و بنەمای خوی هەیە و ناسنامەی تاک ناسنامەی کۆمەڵگایە. گۆڵدمان پێی وایە هەر ئەدەبیاتێک وەک رەوت و شەپوڵ لە قۆناغێک سەرهەڵدەدات ڕەنگە هۆکاری تری جۆراوجۆری لە پشت بێت. بو نمونە ئەدەبیاتی کوردی بۆچی مقاومە بوو، چونکە بەردەوام لە جەنگ و داگیرکاری و...هتد دابوو، واتە بو ڕاڤەی دەق پێویستمان بە بونیادی دوزینەوەی سیستەمی چینەکە هەیە، کەواتە لەرێگەی پەیوەندیەکی دوولایەنانەی بونیادی کۆمەلایەتی و بونیادە دەق دەتوانین ڕاڤەی دەق بکەین. کەواتە لوسیان گۆڵدمان ڕێچکەیەکی تایبەتی گرتە بەر کە بە بونیادگەریی پێکهاتەیی ناسراوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆمان تێ بگەین پێویستمان بە بونیادە دەلالییەکانی ناو دەقەکە هەیە ببەستینەوە بە بونیادە کۆمەلایەتییەکانەوە، چونکە هەر وشەیەک لە ناو کۆمەڵگایەکدا واتایەک دە بەخشێت کە تایبەتە بەو کۆمەڵگەیە.

## ٢. چەمکە سەرەکییەکانی بونیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان

گۆڵدمان کۆمەڵێک چەمک بۆ تیۆری بۆنیادگەریی پێکهاتەیی دایناون. بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکرنی دەقی ئەدەبی کە بریتین لە: (تێگەیشتن، شیکردنەوە، هۆشیاری باو، هۆشیاری چالاک ، بونیادی دەلالی، جیهانبینی). ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دوو چەمکانەی کە ئاماژەمان پێداوە لە ناو توێژەنەوەکە، ئەوانیش چەمکی بونیادی دەلالی و چەمکی جیهانبینین، لێرەدا بە وردی باسی ئەو دوو چەمکە دەکەین.

**١.٢ بونیادی دەلالی**

بونیادی دەلالی یەکێکە لەو بنەمایانە کە گوڵدمان لە شیکردنەوەی بونیادگەریی پێکهاتەییدا ئاماژەی پێکردووە، بەو مانایەیی کە هەمەلایەنترین هەنگاوی ئەم تیۆرەیە و ئەو دەربڕینە بنەڕەتییەی کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ گەڕان بە دوای جیهانبینی دەکات، بەو پێیەی ئەم پێکهاتە لە تێگەیشتنی بە کۆمەڵەوە  سەرچاوە دەگرێت و هەمەلایەنی چەمکی بینین لە لە پیکەوە گرتنی تاکایەتی دەست پێدەکات و دەستەواژەی بەزاندنی تاکایەتی خۆیان بە واتای دەستبەرداربوونی خۆیان بۆ سودی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە "تێڕوانینی بە کۆمەڵ بو جیهان بە سڕوشتی دەژین و ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر نووسەری داهێنەر کە لە بەرامبەردا پشتگیری گرووپەکە دەکات" (البحری،٢٠١٥ :١٤٦).

چەمکی بونیادی دەلالی بە یەکێک لە چەمکە گرنگ و و بنچینانەی بونیادگەریی پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان دادەنرێت، لەلایەکەوە ئامرازێکی بنەڕەتییە کە یارمەتیمان دەدات لە سروشتی بەرهەمە داهێنەرەکان و گرنگی ئەو بەرهەمانە تێبگەین، لەلایەکی دیکەوە یارمەتیمان دەدات وەکو پێوەرێک بۆ ئەوەی کە بەهای فەلسەفی و داهێنەرانە یان جوانیناسییان ببێتە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینێکی یەکگرتوو بۆ جیهان دەربڕین، سەبارەت بە تێڕوانینی پێکەوە گرێدراوی بۆ جیهان، چ لەسەر ئاستی چەمکەکان یان وێنەی زارەکی یا هەستیاریدا، ئێمە دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت لەو بەرهەمانە تێبگەین و ڕونی بکەینەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە لێکیان

بدەینەوە  تا ئەو ڕادەیەی تیشک بخەینە سەر ئەو دیدگایەی کە گوزارشتیان لێدەکات (ولعة،٢٠٠١ :٢٥٨). پیکهاتەی واتادار رادەی یەکگرتوی دەقی ئەدەبی نیشان دەدات بە جۆرێک "هەموو تۆخمە واتادارەکان لە ئاستە جیا جیا کاندا یەک دەگرنەوە بۆ بەرهەمهێنانی مانایەکی هەمەلایەنانە و لە باوەشی دەگرن دەیکەن بە تێگەیشتن" (غولدمان واخرون،١٩٨٦ :١٣٠).

تویژەر لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەدوای دووزینەوەی پیکهاتە بەشەکییەکانی تێکستدا دەگەڕێت کە توخمە ناوەکییەکان پێک دەهێنن، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو پێکهاتە واتادارەی هەمەلایەنە کە لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵگا دەگونجێت. دوای قوناغی ئاشکەراکردنی پێکهاتەکان لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکان، لەوسیستەمە گشتیە تێدەگات کە بەرهەمی ئەدەبی پێک دەهێنێت. واتە دوای ئاشکەڕاکردنی بونیادی واتایی نووسەر یان ڕەخنەگر زیاتر لە بەرهەمە ئەدەبیەکان تێدەگەن و دەتوانن ڕوونیان بکەنەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەستنەوەی بونیادی دەلالی و پەیوەندییان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان (جلايلة،٢٠١١-٢٠١٢ :٣٤). چەمکی بونیادی دەلالی لوسیان گۆڵدمان بە تەنیا لە بەشە پێکهێنەرەکان و پەیوەندییە ناوەکی و سروشتییەکەیدا سنووردار نییە، بەڵکو گەشتکردن و جۆڵەی ناو ئەم پێکهاتانە و پێکهاتە دەروونییەکانی کە پەیوەستن بە چینە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە لوسیان گۆڵدمان هەوڵی دا پێکهاتەیەک بدۆزێتەوە کە گوزارشت لەرێک و پێکی و هاوئاهەنگی پێگەی گشتی مرۆڤ بەرامبەر بەو کێشە سەرەکیانەی کە بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و سروشت دا هەیە دەربریێت، بەم شێوەیە گۆڵدمان واقعی بەرهەمی ئەدەبی و پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگاوە پێناسەی کرد : "ئەرکی بەرهەمی ئەدەبی لە ناو کۆمەڵگادا ئەوەیە کە شێوەیەک لە دیدگای جیهانبینی ببەخشێت، کە گرنگی و ڕەوایەتی خۆی هەیە تا ئەو رادەیە فۆرمێکی هاوسەنگ بێت" (غولدمان واخرون،١٩٨٦ :٥٧).

ئەم کارانە نوێنەرایەتی بیرۆکەی کارەکانی گۆڵدمان دەکەن کە فەلسەفەی کانت دەبەستێتەوە بە فەلسەفەی کلاسیکیی ئەڵمانیاوە.

بونیادی دەلالی بە پێی بۆچوونی گۆڵدمان بریتییە لە گەڕان لە قوڵای کارە هونەرییەکان بۆ گەیشتن بە پێکهاتەیی مانای قوڵ، چونکە چەمکی زمان لەلای گوڵدمان جیاوازە لە چەمکی زمانی دی سوسێر، زمان بە گوێرەی گوڵدمان زمانی خەڵکە، واتە ئەو پێکهاتە قوڵەی کە دەیەوێ لێی تێبگا پەیوەندی بە ئاخاوتنەکەیەوە هەیە، چونکە"دەقی ئەدەبی بەرهەمی ئاخاوتنی ناياب و ناوازەن نەک پێکهاتەی مانای زمانەوانی" (شحيد،١٩٨٢ :٨٢). ئەم دەقانە واتا کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگرن بەم جۆرە دەقی ئەدەبی" واتاوپێکهاتەی ماناداری خۆی لەو دیدگایەی جیهانەوە وەریدەگرن کە دەردەبڕێن " (بولكعبيات،٢٠١٦ :١٦٥). ئەمەش پەیوەندیی پێکهاتەی مانا بە تیڕوانینی جیهان و رادەی گرنگیەکەی لە تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی دەقەکاندا ڕوندەکاتەوە، لەراستیدا ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە گۆڵدمان بە دوایدا دەگەرێت، کە بریتییە لە گرتنە بەری ڕوانگەیەکی فراوان هەمەلایەن کە شیکاری پێکهاتەی ناوخۆی بەرهەمەکە، کە پێکهاتەی مێژووی و کۆمەڵایەتی فەرامۆش نەکات، بەهەمان شێوەش لێکۆڵینەوە لە ژیانامە و دەروونناسی هونەرمەند کە وەک ئامرازێکی یارمەتیی دەر لە بەرهەمەکاندا بەشدار دەبێت لە پەیوەندییدا لە گەڵ پێکهاتەیی مێژووی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێن پێکهاتەیی ماناداری ناو دەقەکە پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە ناتوانێت بە تەواوی لە بەرهەمە ئەدەبیەکان بگەین ئەگەر پێکهاتەیی ناوخۆی دەق نەبەستینەوە بە پێکهاتەیی کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لوسیان گۆڵدمان لە کتێبەکەی  لێکۆڵینەوەکانی دیالێکتیکیدا چەمکی بونیادی دەلالی بەم شێوەیە وەسف دەکات و دەڵێت:" چەمکی بونیادی دەلالی لەسەر بنەمای واقع و ئەو یاسایە دامەزراوە، هەم ئاماژە بە واقع و هەم یاسا نیشان دەدات، چونکە  بزوێنەری راستەقینە و ئەو ئامانجە گشتییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە دیار دەکات، پێی وایە ئەو ئامانجە گشتییە هاوبەشە

لەگەڵ ئەو کارە ئەدەبییەی کە دەیەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر بکرێت و ئەو نووسەرەی کە ئەم لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدات." (خرشوش، زناتي،٢٠١٤-٢٠١٥ :٥١). ئەم وەسفەش چوارچێوەی هەمەلایەنە وەکو برگەیەکی هاوبەش دادەمەزرێنێت کە بەرهەمی لێکۆڵینەوە کراو و توێژەر یەکدەخات و پیکهاتەش گرنگ نییە تا پیکهاتەیەکی هەمەلایەن نەبێت، بەو واتایەیی کە بە بۆچوونی گۆڵدمان هاواتایی گشتگیریەو لەگەڵیدا مروڤ خۆی لە سنوردارکردن و لایەنگری دەپارێزێت.

کەواتە ئەتوانین بڵێین کە چەمکی بونیادی دەلالی ئامرازێکی سەرەکی بونیادگەریی پێکهاتەییە. بە پێی بۆچوونەکانی گۆڵدمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕێگەی بونیادی دەلالییەوە دەتوانین لەبەرهەمە ئەدەبییەکان تێبگەین و ببەستینەوە بە بونیادە دەرەکییەکانەوە کە ئەم بەرهەمانە پشتیان پێبەستووە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی لە بونیادیکی ناوخۆی دەق پێک دێت، ئەم بونیادە ناوخۆیانەی دەقیش پەیوەستن بە بونیادە دەرەکیەکانەوە، واتە کاتیک لیکۆڵینەوە لە دەقێکی ئەدەبی دەکەین دەبیت، بونیادە دەلالییەکانی دەقەکە ئاشکەرایان بکەین و ببەستنەوە بە بونیادە دەرکیەکانەوە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەک هەندێ ئاماژەو دەربڕین هەن کە تایبەتن بەو کۆمەڵگایەوە و کە لەناو دەقەکاندا دەردەکەون. لەڕێگەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو بونیادانە دەتوانیت لە دەقی ئەدەبی تێبگەین. ئەم چەمکەش لە ناو ڕۆمانە کوردییەکاندا بەرچاومان دەکەویت وەک ئەوەی کە لە ڕۆمانی تاڤگەدا هەیە کە ووشەی (باژێرێ مەزن ) کە ئاماژەیە بۆ شاری هەولێر. بەمەش کە زانیمان نووسەر مەبەستی شاری هەولێرە، ئەوا ئەتوانین لێی تێبگەین شیکردنەوە بۆی بکەین، چونکە ئەو کات ئێمە دەگەڕێینەوە سەر بارودۆخی شاری هەولێر کە لەو سەردەمە چوون بووە.

## ٢.٢ جیهانبینی

جیهانبینی ئەو هەست و بیرۆکەیە کە ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یاخۆد ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی هەیانە بەرامبەر بە بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان، کە هەموو ئەندامانی ئەو گرووپانە بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بەشدارن لەو بیرۆکەیە، هەروەکو گۆڵدمانیش ئاماژە بەوە دەکات کە بەرهەمی ئەدەبی بیرۆکەی تاکەکان نییە، بەڵکو بیرۆکەی گرووپێکی کۆمەڵایەتین.

چەمکی جیهانبینی کە لە چەمکە فەلسەفییەکاندا گوزارشت لە بیرو باوەڕ و جەوهەری تێڕوانینە فەلسەفییەکان دەکات ،لوسیان گۆلدمان ئەم چەمکە لە گۆرەپانی فەلسەفەی گشتی گواسترایەوە بۆ گۆرەپانی ڕەخنەی ئەدەبی، ئەم زاراوەیە کە لۆکاش لە فەلسەفەی ڕەخنەی خۆیدا بەرکاریدەهێنا وایکرد کە لوسیان گۆڵدمان تیۆرێک لە کۆمەڵناسیی ئەدەبدا دەستەبەر بکات و ئەو زاراوەیە لە تیۆرێکی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە، گۆڵدمان هەوڵ دەدات شیکاری پەیکەری زمانەوانی خۆی بکات بۆ ئەوەی کۆدەکانی بکاتەوە و بە دوای ئەو دیدگایەدا بگەڕێت کە لە قوڵاییەکاندا خۆی حەشاردۆتەوە. بەم کارە گۆڵدمان پێی وایە پێکهاتەی ئەدەبی و ئەو پەیوەندییە پێکهاتەکانی نێوان دەقی ئەدەبی و جیهانبینی و چۆنیەتی گۆڕینی پێگەیەکی مێژووی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیارکراو بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی بدۆزێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوانەی پێش لۆکاش و گۆڵدمان لە بونیادگەریی پێکهاتەیی کە جیهانبینی پێویستی بە دوزینەوەی پێکهاتەی عەقلی هەیە،کە کاری ئەدەبی بەهۆی بیرکردنەوە و ئایدۆلوژیایی گرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم هاتووە، گۆڵدمان لەم چەمکەدا ئاماژە بە لێکچوونی پێکهاتەی جیهانی کاری ئەدەبی و پێکهاتە عەقلیەکای گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، چونکە بڕوای بە ناوەرۆکی پەیوەندی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی هەیەو داهێنانی پێکهاتە عەقلیەکان ئەوەی کە هۆشیاری گرووپێکی کۆمەڵایەتی ریکدەخەن، واتە داریدەی کۆمەڵایەتین نەک تاکە کەسی (الهدی،٢٠٢٢-٢٠٢٣: ٢٥).

جیهانبینی یەکێکە لە گرنگترین زاراوە ڕێکارەکانی بونیاتگەریی پێکهاتەیی، کە لوسیان گۆڵدمان وەک ڕێکارێکی بنەڕەتی لە ڕوانگەی دەقە ئەدەبییەکاندا وەریگرتووە. لەسەر ئەم بنەمایە جیهانبینی ڕوانگەیەکی یەکگرتوو و گشتگیرە سەبارەت بە کۆی واقع، بەڵام بیرکردنەوەی مرۆڤەکان جیاوازە و سنوردارە و بە دەگمەن بیرکردنەوەی تاکەکان هاوشێوەی یەکن و بە دەگمەن ئەو بیرکردنانە یەکگرتوون، لەبەر ئەمە جیهانبینی ئە شێوازەیە کە داهێنەر یان شاعیر یان ڕۆماننووس، سەیری ئەو واقعە کۆمەڵایەتییە دەکات کە تێیدا دەژیت، بو ئەوەی گشت ئەو بیرۆکانە ئاشکەرا بکات کە چینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاشکەراکردنی واقعی خۆیان بەرجەستە دەکەن. گۆڵدمان بەم شێوەیە وەسفی بنەمای جیهانبینی کردووە دەڵێت:
"سیستەمێکی هزرییە کە خۆی بە سەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیارکراودا دەسەپێنێت کە لە بارودۆخێکی هاوشێوەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژین" (شەهیناز،الهدی،٢٠١٩-٢٠٢٠ :٢٧).

لوسیان گۆڵدمان چەمکی جیهانبینی بە شێوە تەقلیدیەکە وەرناگرێت، لە ڕوانگەی گۆڵدمان جیهانبینی واتە ئەو شێوازەیە کە واقع دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت یان سیستەمێکی بیرکردنەوەیە کە ڕێرەوی بەدەستهێنانی کارەکە ڕێنمایمان دەکات. بە بۆچوونی گۆڵدمان جیهانبینی فاکتەری دیارکەری نیازی نووسەر نییە، بەڵکو ئەو مانایە بابەتییە کە کارەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ تەنانەت هەندێکجار بە پێچەوانەی ویستی نووسەرەکە بەدەست دە هێنێت، جگە لە مەش لوسیان گۆڵدمان دیاریدەکات کە لە کایەی ماتریالیزمی دیالیکتیکیدا، ئەدەب و فەلسەفە لە ئاستە جیاوازەکاندا بەرەی دەربڕینی جۆرێک لە جیهانبینییە و ئەم جیهانبینیەش بابەتیکی تاکە کەسی نییە، بەڵکو بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و سەر بە چینیک یان گرووپیکی کۆمەڵایەتییەو ڕوانگەیەکی یەکگرتووە. یەکگرتووەکەش سەبارەت بە کۆمەڵە ڕاستەقینەکە بیری تاکەکانە، بەبێ جیاوازی یەکیان گرتووە، ئەو یەکگرتنەی کەباس لێوەدەکرێت یەکگرتوویەکی میتافیزیکی و ئەبستراکتە بێ فۆرم نییە، بەڵکو سیستەمێکی بیرکردنەوەیە کە لە

هەندێک بارودۆخدا بەسەر کۆمەڵێک کەسدا دەسەپێنرێت کە لە دۆخێکی ئابووری هاوشێوەیی دان، واتە بەسەر هەندێک چین و توێژی کۆمەڵایەتیدا (گلدمن،١٣٧٦ :٦١).

گۆڵدمان ئاماژە بەوە دەکات کە جیهانبینی یەکسانە بە هۆشیاری باو و هۆشیاری چالاک. ئەم هۆشیاریانەش پەیوەستن بەو کێشانەی کە چینە کۆمەڵایەتییەکان توشی دەبن، بە پێویستی دەزانێ کە بە دوای چارەسەری ڕیشەی بکەوێت بۆ ئەو چینانە، واتە جیهانبینی بە بڕوای لوسیان گۆڵدمان ڕاستییەکی ئەزمونی نییە، بەڵکو بنیاتنانی بیرۆکە و ئاوات و هەستەکانی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی لە بەرامبەر گرووپێکی دیکەدا یەک دەخەن. لێرەوە ئەم جیهانبینییە هەمەلایەنەیە پشکنینێکی ئەبستراکت و لە بوون یا فۆرمێکی بەرجەستەکراودا لە دەقێکی ئەدەبی یان فەلسەفیدا بەدی دێت، دونیابینی هەمەلایەنەی ڕاستییەکان نییە و لە خۆیدا بوونێکی بابەتیی نییە، بەڵکو تەنیا وەک دەربڕینی تیۆری هەڵو مەرج و بەرژەوەندییە راستەقینەکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان بوونی هەیە. ئەم جیهانبینییە هەمەلایەنەیە هەمان ئەو شتەیە کە گۆڵدمان هەندێک جار بە هۆشیاری کۆمەڵە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ناوی دەبات و هەر ئەوەشە کە خاڵی سەرەتایی هاتنە ژوورەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی ئەدەبی بۆ توێژەر یان ڕەخنەگری ئەدەبی دابین دەکات (حافظ،١٩٨١ :٧٢).

لوسیان گۆڵدمان بەشێوەکی گشتی زاراوەی جیهانبینی دامەزراند. ئەو پێی وایە هەموو بەرهەمێکی هونەری وئەدەبی خۆی لە خۆیدا دەربرینی تێڕوانینێکە بۆ جیهان، هەروەها داهێنەر رازی نییە بە وێناکردنی واقع بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی، بەڵکو دەبێت گۆڕانکاری لە واقع دا بکات هەوڵ بدات واقعەکە بگۆرێت و هەموو ئەو گرفتانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن دیار بکات و ڕێگەی چارەسەریان پیشان بدات لە ڕێگەی واقعێکی ترەوە کەلە دەقدا دروست دەکات و واقع دەردەبرێت، بەم شێوەیە داهێنانی ئەدەبی دەبێتە ڕۆحێک لە دونیایی ئەدەبدا نیشتەجێ دەبێت و خولقێنەریش دەگۆڕێت دەبێتە بلیمەتێک کە "تەنیا پێویستی بە دەربڕینی هەست و ئاواتەکان

هەیە بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا بلێت چی جەوهەرە  بۆ سەردەمەکەی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەریدا هاتووە" (غولدمان،٢٠١٠: ١٤). هەروەها جیهانبینی پرۆسەیەکە بۆ بونیادنانی ڕوانگەیەکی دەستەجەمعی کە داهێنەر لێی ئاگادارە و ئەو بیرۆکە دەست جەمعیانە لە نێو دەقێکدا دای دەرژێت کە تێیدا تێڕوانینێکی یەکگرتوو زاڵ دەبێت، ڕاشکاوی بیرۆکەی چینەکان لەگەڵ واقعدا دەردەبڕێت. بەمەش داهێنەر هەوڵ دەدات لە ڕێگای ئەو دەقەوە چارەسەر و دەرخستنی دیدگاکان بخاتە ڕوو و ئەو دەقە ئەدەبیە لە بەڵگە نامەیەکی ئەدەبی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی بارگاوی کراو بە بیرۆکە و خواستەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی جیهانبینییە کەیەوە (کامل،٢٠٢٢: ٦١١).

لیرەدا دەتوانێن بلێین کە لوسیان گۆڵدمان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەم بنەمایەوە جیهانبینی گرووپێک یان چینیکی کۆمەڵایەتی دیاربکات. گۆڵدمان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەم بنەمایەوە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕونبکاتەوە، چونکە جیهانبینی واقعێکی کۆمەڵایەتییە، نەک تاکەکەسی، لەم بۆچوونانەی گۆڵدمان ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە جیهانبینی داهێنانی نووسەر یان شاعیر نییە، بەلکۆ پیکهاتەیەکی مەعریفییە لە تاکەکەس تێدەپەڕێنیت، دەبێتە داهێنانی چینێکی کۆمەڵایەتی، ئەم جیهانبینییەش دەتوانیت لە دەقە ئەدەبییەکاندا بدۆزینەوە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی گوزارشت لە هەست و ئاواتەکانی گرووپێک یا چینێکی کۆمەڵایەتی دەکات، نووسەر لەکاری ئەدەبی هەڵدەستێت بە دەربڕینی بیرۆکەکانی ئەو کۆمەڵگایە یان چینێکی ئەو کۆمەڵگاییەی کە نووسەر یەکێکیە لە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ئەو بیروکانەش چ سیاسی یان ئابووری یان مێژوویی یان دیالێکتیکی بێت، کەواتە نووسەر بیرۆکەکانی خۆی لە کۆمەڵگا وەردەگریت و دایدەڕێژێت لە دە قێکی ئەدەبییدا، مەحالە نووسەر بتوانێت بەبێ گەرانەوە بۆ کۆمەڵگا بتوانێت داهێنانێکی ئەدەبیی سەرکەوتوو

بەرهەم بهێنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەموو دەقێکی ئەدەبی گۆزارشت لە جیهانبینی گرووپێک یاخۆد چینێکی کۆمەڵایەتی دەکات.

## ٣. شیکردنەوەی ڕۆمانی تاڤگە لە گوشەنیگای هەردوو چەمکی بونیادی دەلالی و جیهانبینی

### ١.٣ بونیادی دەلالی

لە ڕۆماندا هەندێک وشە و دەستەتەواژە هەن کە نووسەر بەکاردەهێنێ، دەلالەتێکی هەیە ، مەبەستێکی لە پشتە، کە ئەم دەلالەتانە پەیوەستن بەو کۆمەڵگە یا خود ئەو چین و گرووپانەی کە نووسەر تێدا دەژی، واتە کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتووە، سەرچاوەی ئەو بونیادەش هەر لە کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات، کە نووسەر تێدا داژیت.

گۆڵدمان پێی وایە بۆ ئاشکەراکردن و شیکردنەوەی بونیادی دەلالی نابێت توێژەر تەنیا لە ڕێگەی دیارکردنی بونیادەکانی دەق دەلالەتەکان شیبکرێتەوە، بەڵکو پێویستە توێژەر لە جیهانبینیەکی فراوانتر سەیری بکات، لە بونیادی زەینی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان شیبکرێتەوە. کە ئەمەش خۆی لە خۆییدا بریتییە لە هۆشیاریەکانی کۆمەڵگا (پیرۆت، ٢٠٢٤ :١٠٠).

ئەگەر ئێمە بە پێی ئەم بنەمایە شیکردنەوە بۆ ڕۆمانی تاڤگە بکەین دەبیین نووسەر هەندێک وشەو و دەستەواژەی بەکار هێناوە، کە دەلالەتێکی تری لە پشتە یا خۆد مەبەستیکی تر دەدەن، هەموو ئەم دەلالەتانەش نووسەر لەو گرووپ و چینانەی کۆمەڵگا وەریگرتون کە تێیدا دەژی. وەک وشەکانی:

قرالێ کافر، ئەم وشەیە لەناو فەرهەنگی زماندا نییە یەکێکە لەو وشانەی کە کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتووە، قرالێ کافر دەلالەتە لە ناوی سەددام حوسەین.

باژارێ مەزن، ئەمەش یەکێکە لەو وشانەی کە لە فەرهانگ دا نیە، بەڵام کۆمەڵگای ئەو سەردەمە لەسەری ڕێکەوتبوون و دەلات لە شاری هەولێر دەکات. مەبەستیش لە مەزنەکە ئەوە نییە ڕۆبەرەکەی زۆرە مەبەستی ئەوەیە کە هەموو جۆرە  مەزهەب و دینێک لەناو ئەو شارە دەژین.

وشەی زەندیقیش لە فەرهەنگی زماندا نییە، بەڵام کۆمەڵگا وەها لەسەر ڕێکەوتووە، کە دەلالەت لەکەسێکی خراپ و ڕەوشت نزم و زاڵم دەکات.

ئەمانە هەموو ئەو وشانەن کە نووسەر لە بونیادی زەینی ئەو گرووپە وەریگرتوە کە نووسەر تێیدا دەژی و کۆمەڵگا لەسەر ڕێکەوتووە.

هەر لەم بارەیەوە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بنەمایە، دەتوانین هەندێک نمونەی تری ڕۆمانەکە بخەینەڕوو وەک:

- "تە دڤێت بەرامبەر دادوەرێن گەنی، یێن ئەڤە هندە سالە وەک بووکێن لاستیکی قانوونا وەلاتی بریڤە دبرن، دێ بۆ تە ئاخڤم!
- من پتر دەست ددلینا و پێکۆلا هەدار هێنانا وێ کر:
- چنینە خالەت چنینە" (ناڤشکی،٢٠١١ :٥٤).

لێرەدا دەلالەتیک لە پشت ئەم دەستەواژەیە هەیە، ئەویش مەبەستی ئەوەیە دەیەوێ بڵێت ئێمە لە ولاتێک دەژین کە یاسا سەروەر نییە، یاسا هیچ بەهایەکی نییە، دادوەر لە بەرژەوەندی کەسانی بەرپرس و دەستەڵاتدارەکانەوە دادگا بەرێوە دەبەن ، لەم وڵاتەدا بڕیار لە دەست دادوەر نییە، بڕیار لەدەست کەسانی بەرپرس و دەستالاتدارەکانە، بەرپرس دەستەڵاتدار بڕیاری دادوەر دەدەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە وڵاتی ئێمەدا کاری دادوەر تەنیا جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانی بەرپرس و دەستەڵاتدارەکانە. دادوەرەکان تەنیا وەکو بوکە لاستیک وان، بڕیار و یاساکانی دادوەر هەموو لە دەست کەسی بەرپرس و

دەستەلاتدارەکانە بە بێ ئەوان دادوەر ناتوانیت هیچ بریاریک بدات، کەواتە لەم وڵاتەدا حەقیقەت بۆنی نییە. هەر کێشەیەک پەیوەندی بە بەرپسێک یان دەستەڵاتدارێکەوە هەیە، ئەگەر چەند تاوانباریش بێت دادوەر بۆی نییە تاوانباری بکات و بە یاسا کاری لە گەڵ کەیسەکای بکات.

لەنمونەیەکی تردا کاتێک تاڤگە و خۆشەویستەکەی گفتوگو دەکەن لە بارەی سەرەدان کردنی بۆ (ناڤەندا هشیارکرن و باشکرنا ژن سنێلا) دا، تاڤگە پرسیار ئاراستەی خۆشەویستەکە دەکات و پێی دەڵێت:

- "دلێ من تە نەگۆت" چەوا تو شیای دەستورێ بۆ ڤێ کەلها کەس زووبزوو نکارت بناڤ کاڤیت وەرگری؟!
- بەرسڤا ب گرنژینەک باوەرییەک مکوم بخۆ هەی دا:
- تارا، ببورە ئانکو تاڤگا من، ئەز یێ گەهشتیمە وێ باوەریێ، ئەڤرو د وەلاتێ مەدە، تە هەڤال ل هەموو جهان نەبن، تو دێ ل داوییا کاروانی مینی" (ناڤشکی،٢٠١١ :٤٠).

لێرەدا دەبینین کە لە پاڵ ئەم قسەیە مەبەستیکی تری هەیە و دەلالەت لەوە دەکات، کە لەم وڵاتەدا بەرێوەبردنی ئیش و کارەکانی خەڵک لە دامو دەزگاکانی حکومەت بە یاسایی بەرێوە ناچێت، دیاریدەی گەندەڵی و واستەکاری لە وڵاتی ئێمەدا هەیە، لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەگەر لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەت واستەت نەبێت کەسێکی بەرپرس یان برادەرێکت نەبیت، ناتوانی کارەکانی خوت بەرێوە ببەیت. یاخۆد دەلالەت لە وە دەکات کە لە وڵاتی ئێمە هەموو کارێک بە واستەو واستەکاری بەرێوە دەبرێت، ئەگەر واستەت نەبێت کارەکانت دوادەکەوێت، ئەوەی فەقیرە لەم وڵاتە نە دەتوانێت هچ بکات نەدەتوانێت هیچ بەدەست بهێنێت.

لێرەدا نمونەیەکی تر دەخەینەڕوو لە کاتی گفتوگۆی نێوان تاڤگەی رۆژنامەوان و بەرێوەبەری زیندان سەبارەت بە ئەنجامدانی چاو پێکەوتن لە گەڵ زیندانییان قسەی بەرێوەبەری زیندانەکە دەلالەتێکی لە پشتە کاتێک دەڵێت:

- "جارەکا دی بۆ وە بێژم ژبەر خارزای نابایە، کەسێ ڕۆژنامەوان ئەم ناهێلین بیتە ڤێرێ ئەڤە پتر ژ دوازدە سالانە ئەس ل ڤێرێ، من وەنەکریە ئێک پەیامەکێ ژ ڤێ ناوەندێ بۆ دەزگایەکێ راگەهاندنی بڤەگوهێزیت.

- پاشی لسەر کورسیکا زڤرۆک خولولە بوو پێڤەچوو:

- هەر چەندە ناڤەندا مە یا چاککرنا  ژن و سنێلەیێن تووشبووین و ڤارێیە، لێ دڤێت ئەم نەهێلین نهێنیێن مە ڤاژی ببن، ئەز بێژم خانم تێگەهشت"
(ناڤشکی،٢٠١١ :٤٦).

لێرەدا قسەی بەرێوەبەرەکەی دەلالەت لە وە دەکات، کە ڕاستە شێوێنەکەیان شوێنی ئەو کەسانەیە کە تاوانبارن و تاوانێکیان ئەنجامداوە، بەڵام لە راستی دا وا نییە، ئەوانەی لە ناو ئەو زیندانەدان زۆبەیان بێ تاوانن و مافیان فەوتاوە و بە غەدر حوکم کراون، زۆر نهێنی لیرە هەیە و زۆر سنێلە و ژنی بێ تاوان لەم زیندانەدا هەنە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر کەسی بێ تاوان تاوانبار کراون و خراونەتە ناو ئەم زیندانە، نادادپەروەری و گەندەڵیەکی زۆر هەیە، هەر بۆیە بەرێوەبەری زیندانەکە بە تاڤگە دەڵێت نابێت ئەو نادادپەرواری و زۆڵمەی لەو خەڵکە کراوە کە خەڵکانێکی بێتاوانن و سزایان دەدەن لێرەوە بچێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی کەس نازانێت کە مافی  خەڵک دەفەوتێت و دادگە و دادوەرەکانی ئەم ولاتە کار با یاسا ناکەن و کار بە بەرژەوەندی دەکەن، یاساکانی دادوەر و دادگاکان لە دەست کەسانی بەرپرس و داستەڵاتدارەکانە ، نابێت خەڵک ئەو نهێنیانە بزانێت.

**٢.٣ جیهانبینی**

چەمکی جیهانبینی بە یەکێک لە گرنگترین ئەو چەمکانە دادەنرێت کە گۆڵدمان تیۆرەکەی خۆی "بونیادگەریی پێکهاتەیی" لەسەر بنیات نراوە. ئەم چەمکە پێشتر لە لایەن جۆرج لۆکاشەوە بەکار هێناوە، بەڵام گۆڵدمان بەشێوەیەکی وردتر و فراوانتر لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێناوە، وەکو ئەوەی نەک تەنیا ببێتە ئامرازێکی کارکردن بۆ شیکرنەوەوەی دەقی ئەدەبی، بەڵکو ئەدەبیاتی تێپەراند کۆمەلێک زانستیی مرۆییش ئەم چەمکە بەرکاردەهێنن وەکو فەلسەفە و دەروونناسی و مێژوو.

ئەگەر ئێمە سەیری ڕۆمانی تاڤگە بکەین، دەبینین هاوسەنگی هزری کەسایەتییەکانی ئەو چینانەی ناو ڕۆمانەکە دیارە. زۆربەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە یەک جیهانبینییان بەرمبەر بەو پرسانەی ناو ڕۆمانەکە هەیە، جیهانبینی جیاواز لە م ڕۆمانەدا نییە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆمانووس پرسی گروپێکی کۆمەڵگای هەڵبژاردووە و ئامانجی خوی بەردەوام لە دەوروبەری ئەو پرسە دەسورێتەوە. ئەویش پرسی نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەوانە، وەکو جیهانبینی ئەو گرووپە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، زۆربەی کاسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەو جیهانبینییەیان هەیە کە لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەوان نابێت سەربەخۆ و ئازاد بێت. ناتوانێت باسی هەموو پرسەکان بکات، بەتایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە دەستەلات و بەرپرسەکانەوە هەیە، ڕۆژنامەوان دەبێت لایەنگر بێت لەم وڵاتەدا، خۆی لەگەڵ واقع بگۆنجێنێت، ئەگەر کەسێک هەوڵ بدات بە سەربەخۆی و ئازادی کاری رۆژنامەوانی بکات لەم وڵاتەدا، باسی ئەو قەیرانانە بکات، کە کۆمەڵگە بەدەستیان دەناڵێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاینیی...هتتد. ئەوا تۆشی کێشەی گەورە دەبێت لەلایەن بەرپرس ودەستەڵاتدارەکانەوە وەکو ڕفاندن و ئازاردان و کۆشتن...هتتد. ناتوانێت بگات بەو ئامانجەی کە هەیەتی و لە کۆتایی دا بەها ڕەسەنەکای خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە قوربانی. دەتوانین بە چەند نمونەیەکی ڕۆمانەکە زیاتر جیهانبینی

کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە دیاری بکەین. وەکو جیهانبینی برای تاڤگە، کاتێک تاڤگە توشی کێشە دەبێت و دەڵێت:

- "بێهنا تە و دایکێ هات! ئها ئەڤا ئەو بۆ یا من دگۆتە تە: تاڤگە خاتوون، لبەر خوە راستە و هندی بەرکا بابێ خوە پێ خوە درێژ بکە، ئەم بخوە دکرمینە! تە دگۆت: نە دێ شێرا خەسینم! دێ ڤێجا هرکێ ئێدی بلا گۆڤارا (گەلڤین) و مەلڤین و ئارامێ تە ییێ هونەرمەند تە رزگار بکەن" (ناڤشکی،٢٠١١ :١٤٠).

لەم نمونەیەدا جیهانبینی برای تاڤگە دیار دەبێت، ئەویش ئەو جیهانبینیەی هەیە کە لەم وڵاتەدا کەسی هەژار و بێدەستەڵات دەبێت ئاگای لە خۆی بێت دەستتێوەردانی ئەو پرسانە نەکات کە پەیوەندی بە بەرپرس و دەستەڵاتدارانەوە هەیە، ئەگەر نا توشی کێشە و بەربەستی گەورە دەبێت لە لایەن دەستەڵاتدارەکانەوە، لە کۆتاییدا کەس بەهانایەوە نایەت و بەتەنیا دەمێنێتەوە. هەر بۆیە ئەو جیهانبینیەی هەیە دەبێت خۆت لەگەڵ واقع بگونجینی و چاوپۆشی لە هەندێک پرس بکەیت کە پەیوەندییان هەیە بە کەسانی دەستەڵاتدار و بەرپرس، بۆ ئەوەی بە ژیانێکی ئاسایی بژێ دوربێت لە کێشە دەبێت بە واقعەکە رازیبێت.

لەنمونەیەکی تردا جیهانبینی سەر نووسەری گۆڤارەکە بێستون بابا سەبارەت بە کاری ڕۆژنامەوانی زۆر بەڕونی دیارە، کاتێک هەڵوێسی خۆی لە بەرامبەر بە تاڤگە دەر دەبڕێت و دەڵێت:

- ببورە بەرێز واتە هەر چبیت دێ بەلاڤکەی؟

- سەرنڤیسەر ژ پاشیین خوە لڤلڤی و کوخکا خوە هینا و بەرسڤا من دا:

- تارا خان، ئانکو تاڤگە خان، ل دنیایێ هەموویێ، چ تشتێ رەهایی نینە. تە بڤێت نەڤێت، هندەک سنورێن سۆر ل هەموو دنیایێ هەنە. لێ ئەز دبێژمەتە هەموو تشت رێژەییە. ڕۆژنامە نڤیسێ چالاک و خودی بەهرە ئەوە، بشێت ب شارەزایی سەردەرییێ دگەل ڕەوشا هەیی بکات" (ناڤشکی،٢٠١١ :١٩).

ئەگەر ئێمە سەیری ئەم نمونەیە بکەین دەبینین جیهانبینی سەرنووسەری گۆڤارەکە بۆ ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە، کە دەبێت بە پێی ئەو واقعە کار بکەین کە هەیە، لەم وڵاتەدا ئەو ڕۆژنامەوانە سەرکەوتووە کە بتوانیت خۆی لەگەڵ واقع بگۆنجێنێت و لایەنگری بکات، ڕۆژنامەنووس نابێت سەربەخۆ و ئازاد بێت، هەر پرسێک هەبێت باسی بکات. ئێمە بمانەوێ نامانەوێ هەندێ پرس هەیە نابێت ڕۆژنامە نووس دەستێواردانی تێدا بکات و باسی بکات، بەتایبەتی ئەو پرسانەی کا پەیوەندیان هەیە بە بەرپرس و دەستەلات دارەکانەوە. لە وڵاتی ئێمەشدا ئەو ڕۆژنامەنووسە بە توانایە و سەرکەوتو دەبێت کە بتوانێت خۆی لەگەڵ ئەو واقعە بگۆنجێنێت. کەواتە سەرنووسەری گۆڤارەکەش ئەو جیهانبینییەی هەیە لە وڵاتی ئێمەدا ڕۆژنامەنووس ئازاد نییە ناتوانێت سەربەخۆ بێت. دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو واقعە بگۆنچێنێت. بە پێچەوانەوە تۆشی کێشەو بەربەست دەبێت. ناتوانێت بگات بەو ئامانجەی کە هەیە دژایەتی زۆر بۆی دروست دەبێت و تا ئەو رادەیە کە لە ناوی دەبەن.

هەر لە ڕۆمانی تاڤگە دا جیهانبینیەکی ترمان بەر چاو دەکەوێت، ئەویش جیهانبینی بەرێوەبەری زیندانەکەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان، کاتێک تاڤگە و خۆشەویستەکەی سەرەدانی دەکەن و دەیەوێت چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانییەکان بکات. هەر وەک لەم نمونەیەدا هاتووە.

- "پاشی ئارامیێ من ئاخفتنا خوە ئاراستەی رێڤەبەرێ کر و ئەو شوونا خوە کرە برەکارێ من کو وەک برایەک هێژا هاریکارییا من بکەت. رێڤەبەری سۆز دا ئەوا دشیاندا بیت و شەرعی بت، ژێرا بهێت کرن.
- پاشی بگرنژینڤە کرە سوحبەت و ب سەرڤەکر:
- جارەکا دی دێ دووبارە کەین، بمەرجەکی ئەو بناڤ هێلێن سۆر و مۆرڤە نەچیت!
- من ددلێ خوە دە گۆت: ((چ ترانە دبێ مژار نینن)). لێ دگاڤێدا من بۆ نەهێلا و گۆت:

– بەرێز من دەسپێکێ ژ جەنابێ تەرا دیار کر ئەز بخوە پشتەڤانیا رزگارکرنا تەمە" (ناڤشکی،٢٠١١ :٤٧).

لەم نمونەیەشدا ئاشکەرایە کە بەرێوەبەری زیندانەکە ئەو جیهانبینیەی هەیە، بۆ رۆژنامەنووسەکان کە نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستی بۆ هەندێک پرس ببات، هەندێک پرس هەیە لە ولاتی ئیمەدا هێلی سۆرن، دەبێت خۆی بەدور بگرێت لە دەست تێوەردانی ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە بەرپرس و دەستەلاتدارەکانەوە هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەرێوەبەری زیندانەکە ئەو دۆنیابینیەی هەیە، کە رۆژنامەوان لەم ولاتەدا ئازاد نییە و رێگە بە هیچ رۆژنامەنووسێک نادرێت کە بە ئازادی و سەربەخۆی کاری خۆی بکات، سنووریان هەیە نابێت لەو سنۆورە برۆنە دەرەوە.

ئەگەر ئێمە سەیری هەموو ئەو کەسانە بکەین دەبینین جیهانبینی هەموویان نزیکە لە یەکتری، هەموویان یەک جیهانبینیان هەیە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی. ئەویش ئەوەیە کە لە ولاتی ئێمە ڕۆژنامەوان ئازاد و سەربەخۆ نییە، ناتوانێت دەست بۆ هەندێک لەو پرسانە ببات کە پەیوەندی بە بەرپرس و دەستەلاتەوە هەیە، دەبێت چاو پۆشی لە هەندێک پرس بکات. خۆی لە گەڵ واقع بگۆنجێنێت.

هەر لە ڕۆمانی تاڤگەدا دەتوانین جیهانبینی نووسەر دیار بکەین. تحسین ناڤشکی ئەو جیهانبینیەی هەیە کە ئێمە لە ولاتێکدا دەژین ڕۆژنامەوان ئازاد نییە و ناتوانێت سەربەخۆ بێت بە تایبەتی کچ. ئەم جیهانبینییەی ڕۆمانووسیش لەوەدا دەردەکەوێت کە لە ڕۆمانەکەدا هەموو تیشکی خۆی خستۆتە سەر پرسی ڕۆژنامەوان لە ریگەی کارەکتەرێک ئەویش کچێکێ ڕۆژنامەوانە، تەحسین ناڤشکی ئەو جیهانبینییەی هەیە، کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆژنامەنووس ئازاد نییە و ناتوانێت بە سەربەخۆی کاری ڕۆژنامەنووسی بکات، هەندێ پرس لە ولاتی ئێمە دا هەیە رۆژنامەنووس مافی ئەوەی نییە دەستی بۆ ببات و بلاویبکاتەوە،

بەتایبەتی ئەو پرسانەی کە پەیوەندیان هەیە بە بەرپرس و دەستەڵات دارەکانەوە، وەکو نادادپەروەری و گەندەڵی و رەفتارە خراپەکانی کەسانی دەستەڵات دار.....هتد. ئەگەر کەسێک بیەوێ کاری ڕۆژنامەوانی بکات لەم وڵاتەدا دەبێت لایەنگر بێت و چاو پۆشی لە هەموو ئەو پرسانە بکات کە لە بەرژەوەندی بەپرس و دەستەڵاتدارەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئەوا تۆشی کێشەی گەورە دەبێت لەلایەن بەرپرس و دەستەڵات دارەکانەوە. وەکو گرتن و ئازاردان و ڕفاندن و کوشتن. دەتوانین بە خستنە ڕوی هەندێک نمونەی ڕۆمانەکە زیاتر ڕۆنبکەینەوە.

- "تاڤگە خان، تو باش دزانی، نابێت ڕۆژنامەوان دڤی واریدا، وەسا سەربەخو بچیت، ل خیچین سۆر بدەن، ئەڤە ل دەستپێکی من بۆ تە گۆت، لێ تە ئەوکر یا تە ڤیای نە یا مە ڤیایی. پشتی بەرگریا من ژ هەڵویستێ خوە، پتر ژ چارێکەکێ لناڤ باخچەیی دەزگایی کری ڤەکێشا کۆ لمال سەرەخوەشی ژی لمن نەکر، لێ ئەو پتر لسەر هەڵویستێ خوە رژد بۆ و بەرگری ژ خوە کر:

- ست ژ ئەڤرۆ ویڤە ئەڤ بادەکە ژ دەفمە بخوە حساب بکە گرتییە!

- هوسا بساناهی؟!

- تاڤگە خان براستی بۆمە دەست نادەت دەمی خوە هەموویێ ب تشتەک بۆریڤە ببەین" (ناڤشکی،٢٠١١ :١٤٣).

لێرەدا جیهانبینی نووسەر دیار دەبێت لەکاتی گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، وەک ئەم نمونەی رۆمانەکە لە کاتی گێرانەوەی ڕووداوی گفتۆگۆی نێوان کچە ڕۆژنامەوانەکا و سەر نووسەری گۆڤارەکە. نووسەر بە تیشک خستنە سەر ڕوداوەکان و ڕێزکردنی ڕۆداوەکانی ڕۆمانەکە. توانیەتی ئەو جیهانبینییەی خۆی لە ڕۆمانەکەدا دیار بکات. کە ڕۆژنامەنووس لە ولاتی ئێمەدا ئازاد نییە و ناتوانێت بە سەربەخۆ کاربکات، هەر ڕۆژنامەنووسێک بیەوێ بە ئازادی کار بکات و سەربەخۆ بێت، ئەوا بەها رەسەناکانی خۆی لەدەست دەدات و ناگات بەو ئامانجەی کە ئەو هەیەتی و لە کۆتاییدا لە دەرۆخێت.

نووسەر بە تیشک خستنە سەر ئەو روداوانەی کە بەسەر ڕۆژنامە نووسەکە دێن، بەهۆی کاری ڕۆژنامەنووسیەوە جیهانبینی خۆی پیشان دەدات. بۆنمونە لە کاتی گێڕانەوەی ئەو ڕوداوەی کەبەسەر تاڤگە دێن و تۆشی کێشە دەبێت و دەڕفێنن، تاڤگە داوا لە سەرنووسەری گۆڤارەکە دەکات کە هاوکاری بکات و تاوانبارەکان ئاشکەرا بکات و بیدەنە دەست دادگا، بەڵام سەرنووسەری گۆڤارەکە نایەوێ هاوکاری بکات و پێ دەڵێت ئەوە کێشەی تۆیە نەدەبوایە بەبێ ئاگاداری من ئەو شتانەت کردبا.

- "تاڤگە خان، بەلگەیێن هەر مژارەکێ ڕۆژنامەڤانیی، هەکە دەنگ و ڕەنگ و تشتێن دە یێن بەر هەست، وەکی نڤیسین و شاهدان نەبن، د بەرژەوەندیا ڕۆژنامەڤانی نابت.
- ئاخفتنا وی د مەژیێ مندا جهێ خوە گرت و یا من بسەرڤەکری:
- ئەژی دی نۆکە سکالایا خوە ل پۆلیسا تۆمارکەم.
- ب گیانەک راڤین ژ بەرپرسیاریی، بەستونی بەرسڤا من بدەق ودەق دا:
- ئەو تشتەکێ بتەڤە گرێداییە!
- ئانکۆ هوون هاریکاریا من ناکەن!؟
- بەلێ ئەوا بمەڤا گرێدایی دێ کەین.
- تاڤگە خان دڤیا بەری تو بچی تە ئەز ئاگەهدار کربام" (ناڤشکی،٢٠١١ :١٣٦).

لێرەشەوە نووسەر ئەو جیهانبینیەیی هەیە، کە لە ولاتی ئێمەدا ئەگەر ڕۆژنامەنووس هەوڵ بدات ئەو کێشانەی کۆمەڵگا بخاتە پێش چاوی خەلک، بەتایبەتی ئەو کێشانەی پەیوەندی بە گەندەڵی و زۆڵم و ڕەفتارە خراپەکانی کەسانی دەستەڵاتدار و بەرپرس، ئەوا توشی کێشە دەبێت، کەسانی دەستەڵاتدار بە چەندین ڕێگای جیاواز لە بەرامبەریان دەوەستن و کێشە و بەربەستی جۆراوجۆر بۆی دروست دەکەن، کە تۆشیش بوو کەس خۆی بەخاوەنی نازانێ و بەتەنیا دەمێنێتەوە.

جیهانبینیەکی تری نووسەر لەم ڕۆمانەدا دیار دەبێت. ئەمەش بەهۆی لێهاتۆی نووسەر لە پێکەوەگرێدان و ڕێزکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە. کاتێک چیرۆکی نەوزاد ئەچاری هەر لە سەرەتاوە دەگێرێتەوە کاتێک کۆری مۆختاری گوند بوو. لە سەردەمی رژێمی دکتاتۆری سەدام حوسێن، کە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە هاوکاری ڕژێمی دەیکرد، دوای ئاوارەبوونی خەڵکی کوردستان، لەبەر ئەو ستەمانەی کە ڕژێمی دیکتاتور بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان دەیکرد، تا لە ئاوارەیش گەڕانەوە ئەم نەوزادە هەر خەریکی رەفتاری خراپ و زوڵم و زۆرداری بوو بەرامبەر بە خەڵکی هەژار. بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە هاوکاری رژێمی دەیکرد کاتێک شۆرەشەکانی کورد دژی رژێم دەستی پێکرد هەر ئەم کەسە بوە بە پلەدارێک لە ناو شورش، لەم کاتەشدا هەر خەریکی خیانەت کردن بۆ بەخۆی نە دەچوو بۆ بەرەکانی جەنگ تەنیا کورە هەژار و کەسانی کورد پەروەر دەچوون بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی شەر.

لە دوای شورشەکانیش هەر ئەم نەوزاد ئەچاریە بۆ بە پلادارێکی پێشمەرگە و هەر خەریکی گەندەڵی و ڕەفتاری خراب بوو. سەرارای هەموو ئەم رەفتارانەی نەوزاد ئەچاری لە هەموو سەردەمەکاندا هەر لەسەردەمی گوندەکە خەریکی ڕەفتاری خڕاب بوو لەگەڵ ژیلا خان و خەڵک تا دوای ئاوارەبون و گەڕانەوەش هەر بەرداوام بۆ لەسەر ڕەفتارەکانی خۆی، دواتر بوە بە بەرپرسێکی گەورە. هەر وەک لەم نمونەیەدا هاتووە:

- "تە گۆت وی تو هێلای؟

- من زانی، دەمارێن وێ خوە بسەر هۆشییاریا وێ دادا و دەنگێ وێ ژ سنورێ خوە پتر بلند بوو:

- ئەرێ دایی من گۆتەتە کورێ زنایێ، گەهشتە پلەیەک وەسا، ئێدی کچکێن بۆ ژ پشت سنوران دهاتن" (ناڤشکی،٢٠١١ :٧٩).

لێرەدا نووسەر ئەو جیهانبینییەی هەیە، کە لەناو وڵاتی ئێمەدا هەر لە سەردەمەکانی پێشەوە تا ئێستا ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن و زوڵم و زۆرداری و ڕەفتاری خراب. ڕۆژ

بە ڕۆژ پلەو پۆستی باڵا وەردەگرن. خەڵکی کورد پەروە و هەژاریش دەبنە ئیخسیری دەستی ئەم جورە کەسانە. ئەم کەسانەش بە دوای حەزو ئارەزوەکانی خۆی دەکەون لەسەر حسابی ماڵ و سامانی گشتی هەرچی رەفتاری خرابە دەیکەن، بە بێ ئەوەی هیچ بەدواداچونێک هەبێت بۆ ئەم کەسانە. داهاتێکی زۆری گشتی بۆ حەزو ئارەزوە تایبەتیەکانی خۆی سەرف دەکەن، لەسەر حسابی میلەت لە ژیانێکی شاهانە دەژی

## ئەنجام

– لە ڕۆمانی تاڤگە دا ڕۆلی سەرەکی نووسەر، ئاشکەراکردنی جیهانبینییە، چونکە ڕۆماننووس لە ریگەی ئەم ڕۆمانەوە هیواو ئاواتەکانی گرووپێک لە ئاستێکی بەرز پیشاندەدات، کە نووسەرەکا خۆی ئەندامێکە لەو گرووپە و گوزارشت لە بیرۆکەی ئەو گرووپە دەکات و جیهانبینی ئەو گرووپە ئاشکەرا دەکات.

– ڕۆمانی هاوچەرخی کوردێش ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە بە ژانری خستنەڕووی ململانی و بارودۆخ و کێشەی و گرفتەکانی کۆمەڵگە وەسف بکەین. بە سەرنجدانێکی وردی ناوەرۆکی ڕۆمانی تاڤگە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆمانی تاڤگەش هەمان تایبەتمەندی هەیە.

– لە ڕۆمانی تاڤگەدا ڕۆماننووس توانییەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک لە بۆنیادی دەلالی دەقەکەوە و بەستنەوە بە هەڵومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، وێنەی بارودۆخ و ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە سەردەمی رژێم تا ئێستا بخاتە پێش چاوی خوێنەران.

– بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی ڕۆمان بەرهەمی جیهانبینیی چینێکی کۆمەڵگایە، کە نووسەر تێڕوانینەکانی خۆی لەو چینە وەردەگرێت، دوای ئاشکەراکردنی جیهانبینی ئەو چینەی کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانی تاڤگەدا هەڵیبژاردووە. گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆمانی تاڤگەش

بەرهەمی جیهانبینی تاکی نووسەر نییە، بەڵکو بەرهەمی جیهانبینی ئەو چینەی کۆمەڵگایە نووسەر تێیدا دەژیت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


- حضر، هاڤین سعید، ٢٠١٩، بونیاتگەری پێکهاتەیی و پراکتیزەکرنا ئەوێ ل سەر رۆمانا (ئالێ دی یێ پری)، چاپا ئێکێ، سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینین کوردی.
- حوسین، علی تاهر ، ٢٠٠٨، رەخنەی بوناتگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزاکردن، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ناڤشکی، تحسین، ٢٠١١، تاڤگە (لێگەریان ل رۆناهییا پرا جیناتێ)، چاپی یەکەم، چاپخانا رەوشەنبیری، هەولێر
- یاسین، عوسمان، ١٩٩٨، بونیاتگەری پێکهاتەیی میتۆدی لوسیان گۆڵدمان، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- ئیگلتون، تێری ، ٢٠٠٨، مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی، ت/ عەبدولخالق یعقوبی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراز.


### گۆڤار


- رەسول، هەڵمەت بایز، بەهاری٢٠٢٣، بنیاتگەری پێکهاتەیی لوسیان گۆڵدمان لە رۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) ی (بەختیار علی) دا، گۆڤاری تویژەر بەرگی ٦، ژمارە١، ٤٤٧-٤٨٢.


### نامەی ئەکادمی


- پیروت، بارزان علی، ٢٠٢٣-٢٠٢٤، کۆمەڵناسیی رۆمانی کوردی بە پێی بۆچوونی لوسیان گۆڵدمان(باشووری کوردستان ١٩٩١-٢٠٠٣)، تێزی دکتۆرا زانکۆی سوران، فاکەلتی ئاداب بەشی کوردی.


### سەرچاوە عەربییەکان

- إبراهيم، زكريا، ١٩٩٠، مشكيلة البنية او اضواء على البنيوية، قاهرة، الناشر مكتب المصر.
- البحرى، د. محمد امين، ٢٠١٥، البنيوية التكوينية من الاصول الفلسفية الى الاصول المنهجية، الطبعة الاولى، بيرۆت، الناشر مكتب مؤمن قريش.
- خشفه، محمد نديم، تاضيل النص، المنبح البنيوية لدى لوسيان غولدمان، الناشر مركز النماء الحظارى حلب، طبعة الاولى،١٩٩٧.
- شحيد، جمال، ١٩٨٢، البنيوية التركيبية، دراسة فى منهج لوسيان غولدمان، ط١، بيروت، دار إبن رشيد للطابعة والنشر.
- لوسيان غولدمان و اخرون، ١٩٨٦، البنيوية التكوينية والنقد الادبى، ت. محمد سبيلا، طبعة الثانية، بيروت، الناشر مؤسسة الأبحاث العربية.
- لوسيان غولدمان، ٢٠١٠، الالة الخفى، ت/ زبيدة القاضى، ديمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب وزارة الثقافة.


**المجلة**


- بولكعبيات نعيمة، 2016، البنيوية التكوينية واليات قراءة النص الادبى، مجلة منتدى الاستاز، العددالسبع العشر، 159-171.
- جلالى عيدان واخرون، ١٤٤٣، رواية أهل الحميدية لنجيب الكيلانى على ضوء منهج البنيوية التكوينية، لغولدمان، بحث فن الغة العربية نصف سنوية محكمة الكلة اللغات بجامعه اصفهان، العدد٢٦، ٩٥-١٠٤.
- حافظ صبرى، ١٩٨١، الادب والمجتمع، مجلة فصول، العدد٢، ٦٥-٨٣.
- العيساوى، د. على جبار جلوب، ٢٠٢١، سوسيولوجيا الغزل العربى(الشعر العدرى نموذجا، مجلة القادسية للعلوم الأنسانية، المجلد٢٤، عدد٤، ١٤٢-١٥٥.
- كامل، د. عبالله محمد، ٢٠٢٣، صوت المهمشين و رؤيا العالم فى رواية " دفاتر الوراق" لجلال برجس، المجلة العلمية الدراسات الإسلامية والعربية للبنين بدمياط الجديدة، العدد العاشر، ٥٩٥-٦٨١.
- ولعة صالح، ٢٠٠١، البنيوية التكوينية ولوسيان غولدمان، مجلة التواصل، عدد٨، ٢٣٧-٢٦٢.


**الاكادمية**

- بشيش شهيناز، ريازى الهدى نور، ٢٠١٩–٢٠٢٠، شعر السمؤال –دراسة البنيوية التكوينية. مذكرة ماستر، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية الاداب واللغات قسم الاداب واللغة العربية.
- جلايلية سعيدة ، ٢٠١١–٢٠١٢، الايدولوجى والجمالى دراسة بنيوية التكوينية فى رواية "اليتيم" و "الفريق" لعبدالله العروى، كلية الاداب وللغات والعلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم اللغة العربية و ادابها.
- خرشوش خيرة ، زناتى منال ،٢٠١٤–٢٠١٥، اليات البنيوية التكوينية، من خلال كتاب " ظاهرة الشعر المعاصر فى المغرب لمحمد بنيس"، بحث مقدم ضمن لمتطالبات التخرج لنيل شادة الماستەر فى النقد الحديث المعاصر، جامعة الجيالى بونعامه بخميس مليانه، كلين الاداب واللغات، قسم اللغة والاداب العربية.
- الهدى، روبة آية نور، ٢٠٢٢–٢٠٢٣، رؤية العالم فى رواية قوارير شارع جميلة بوحريد لربيعة جلطى، مذكرة ماستر، الجامعة عبد الحفيظ بوالصوف لميلة، معهد الاداب واللغات، قسم اللغة والادب العربية.

### سەرچاوەی فارسی

- گلدمن لوسين ، ١٣٧٦، جامعه فرهنگ و ادبيات، ت/محمد جحفر پوينده، چاپ اول، تهران نشر چشمه.

## تحليل رواية " تاڤگه " وفقا لنظرية البنيوية التكوينية ل لوسيان غولدمان باستخدام مفهومي البنية الدلالية و الرؤية العالم

### ملخص

يعد هذا البحث، المعنون بـ (تحليل رواية " تاڤگه " وفقا لنظرية البنيوية التكوينية ل لوسيان غولدمان باستخدام مفهومي البنية الدلالية و الرؤية العالم) محاولة لقراءة الرواية وفقا لنظرية البنيوية التكوينية ل لوسيان غولدما، ويسلط الضوء على بناع مضمون الرواية وفقا المفهومين المحددين الذين يعتمد عليهما النظرية في تحليل النصوص الأدبية.

إن الغرض الرئيسي من هذه الدراسة هو تحليل رواية " تاڤگه " على أساس المفهومين اللذين حددناهما.

أجرينا هذا البحث باستخدام المنهج الوصفي التحليلي، واستعنا بالمكتبة لتحليل معلومات وبيانات هذا البحث، وقمنا بتحليلها وفقا للمعلومات الموجودة في الكتب.

أهم الاستنتاجات التي توصلنا إليها من هذا البحث هي أن الروايات الكوردية لا تخلو من خصائص هذه النظرية، بل تتميز بأنها نوع أدبي للصراع والمشاكل والمواقف لننظر إلى المجتمع.

وأخيرا، عرضنا بإيجاز أهم الاستنتاجات التي توصلنا إليها في هذه الدراسة. إن الرواية هو نتاج رؤية العالم لطبقة من المجتمع. وبإلقاء نظرة فاحصة على محتوى رواية " تاڤگه " يتبين أنها نتاج النظرة روية العالم للطبقة التي يعيش فيها الكاتب.

**الكلمات المفتا المفتاحية:** البنيوية التكوينية، البنية الدلالية، روية العالم، رواية " تاڤگه